زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە ٨٥ ژمارەی مۆڵەت ١

کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی هەشتەم

ئادابی سەلام کردن



نوسین و ئامادەکردنی

م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی



بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله رب العالمين والصلاه والسلام على نبينا محمد وعلى ئاله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

ئادابەكانی سەلام كردن

١) فەزڵی بڵاوكردنەوەی سەلام لەناو موسڵمانان بەگشتی : پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكی سەحیحدا فەرموویەتی : سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ناچنە بەهەشت هەتا باوەڕ نەهێنن وە باوەڕ ناهێنن هەتا یەكترتان خۆش نەوێت ، جا ئایە شتێكتان پێ نەڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن بەهۆیەوە یەكتریتان خۆش دەوێت ﴿أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ﴾ سەلام لەناو یەكتری بڵاو بكەنەوە .

٢) نابێت سەلام تەنها لەو كەسانە بكرێت كە دەیانناسیت : بەڵكو دەبێت سەلام لە گشت موسڵمانان بكەی بەبێ جیاوازی بیانناسی یان نەیانناسی .

٣) سەلام كردن دەبێت بەم شێوەیەبێت كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە : دەڵێیت : ﴿السلام عليكم﴾ یان ﴿السلام عليكم و رحمة الله﴾ یان ﴿السلام عليكم و رحمة الله وبركاته﴾ .

لە فەرمودەیەكی صەحیحدا هاتووە ئەگەر بڵێی ﴿السلام عليكم﴾ (١٠) دە خێرت بۆ دەنوسرێت وە ئەگەر بڵێی ﴿السلام عليكم و رحمة الله﴾ (٢٠) بیست خێرت بۆ دەنوسرێت وە ئەگەر بڵێی ﴿السلام عليكم و رحمة الله وبركاته﴾ (٣٠) سی خێرت بۆ دەنوسرێت .

٤) سەلام كردن لەكاتی گەییشتن و ڕۆیشتن : كاتێك دەچیت بۆ شوێنێك یان دەگەیت بە كەسێك سەلامی لێ بكە وە بەهەمان شێوە ئەگەر لێی جیا بوویتەوە و ڕۆیشتی لەلای سەلامی لێ بكە .

٥) هەوڵبدە تۆ دەست پێشخەر بیت لە سەلام كردن : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموەتی :

نزيك ترين كەس كە بە ڕەحمەتی خوا بگات ئەو كەسەیە سەرەتا سەلام لە كەسی بەرامبەر دەكات .

٦) ئەگەر كەسی بەرامبەر گوێی لە سەلامەكەت نەبوو بۆی دووبارە بكەوە هەتا گوێبیستی دەبێت : هەتا سێ جار دەتوانی سەلامەكەت دووبارە بكەیتەوە ئەگەر گوێبیستی سەلامەكەت نەبوون .

٧)سەلام كردن لەكاتی چوونە ماڵەوە : سونەت وایە ئەگەر چویتە ماڵەوە سەلام لە ماڵ و منداڵت بكەیت ، ئەم سەلام كردنە دەبێتە مایەی بەرەكەت بۆ خۆت و ماڵ و منداڵت .

٨)سەلام كردن لە منداڵان : ئەنەسی كوڕی مالك (ڕەزای خوای گەورەی لێبێت) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك دەگەیشت بە منداڵان سەلامی لێ دەكردن .

٩)كەسی سوار سەلام لەو كەسە دەكات كە بە پیادەیە ، وە پیادە سەلام لە كەسی دانیشتوو دەكات ، وە ئەوانەی ژمارەیان كەمترە سەلام لەوانە دەكەن كە ژمارەیان زۆرترە ، بۆ نموونە ئەگەر دوو كەس گەیشتن بە سێ كەس دەبێت دوو كەسەكە سەلام بكەن ، وە دەبێت منداڵ سەلام لە گەورە بكات .

١٠) كاتێك بە ئیشارەتی دەست سەلام لە كەسێك دەكەیت دەبێت بە زمانیش وشەی السلام علیكم دەربڕی , نابێت تەنها بەئیشارەتی دەست سەلامی لێ بكەی بەبێ دەربڕینی وشەی السلام علیكم .

١١) دەست پێشخەری نەكردن لە سەلام كردن لە جولەكە و گاوران و بێ باوەڕان : كاتێك موسوڵمانێك بە جولەكەیەك یان گاورێك یان بێ باوەڕێك دەگات نابێت سەلامیان لێ بكات دەبێت ئەوان سەلام بكەن ، وە كە سەلامیان كرد دەبێت بە ووشەی ﴿وعليكم﴾ وەڵامیان بدرێتەوە ، زانایان فەرمویانە ئەگەر سەلامەكەیان

وەکو ئێمە بوو وتیان ﴿السلام علیکم﴾ ئەوە دەتوانی بڵێی ﴿وعلیك السلام﴾ وە ئەگەر سەلام کردنەکەیان ڕوون نەبوو یان دوعای خراپی تێدابوو ئەوە لەوەڵامدا تەنها بڵێ ﴿ وعلیکم ﴾ مجموع فتاوى ورسائل ابن عثيمين : رقم الفتوى : (٣٩٥) .

١٢) **سەلام کردن دەبێت پێش پرسیارکردن و قسەکردن بێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ﴿السلام قبل السؤال فمن بدأکم بالسؤال قبل السلام فلا تجیبوه﴾**
سلسلة الاحاديث الصحيحة : ٨١٦.

واتە : سەلام کردن پێش پرسیار کردنە ، هەر کەسێك پرسیارتان لێ بکات پێش سەلام کردن ئەوە وەڵامی مەدەنەوە .

- چونکە ئەو کەسە پێچەوانەی سونەتی کردووە دەبێت سەرەتا سەلام بکات ئینجا پرسیار و قسە بکات .

١٣) **لەکاتی وەڵام دانەوەی سەلام بڵێ :** ﴿وعلیکم السلام﴾ یان ﴿وعلیکم السلام ورحمة الله﴾ یان ﴿وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته﴾ .

١٤) **چۆنیەتی وەڵامدانەوەی سەلام لەناو نوێژدا :** ئەگەر لەناو نوێژدا بوویت و کەسێك سەلامی کرد تەنها بە ئیشارەتی دەستی ڕاستت وەڵام دەدەیتەوە پشتی دەستت دەخەیتە ئاستی سەرەوە وە پانی دەستت دەخەیتە ئاستی خوارەوە .

١٥) **ئەگەر لەسەر ئاو بوویت** و کەسێك سەلامی کرد وەڵامی مەدەوە هەتا لەسەر ئاوی دێتە دەرەوە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

٢٢ / ذو القعدة / ١٤٣٧ هـ — ٢٠١٦/٨/٢٥م

بڵاوکراوە خێریەکانی پەرتوکخانەی دێرین — سۆران
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠